# دوعا.. دوعا .. دوعا..
# خودایە ئێمە چەندە خوێن تاڵین

**ستیڤان شەمزینانی**



نازانم ویژدانمان لە ئەژدیها قەرد کردووەیان لەتیمساح و قرژ؟ نازانم عەقڵمان لە ئەشکەوت بزرکردووە یان دڵمان لەژێر پێناوە؟ نازانم بۆچی هێندەی بەرینی و شیرینی ژیان شەیدای شەرابی مەرگین؟ نازانم بۆچی گوڵەباخەکان دەژاکێنین؟ نازانم بۆچی کۆترە کوکوختییەکان لەخوێن هەڵدەکێشین؟ نازانم بۆچی بۆگەنیوی سەدەکانی ناوەڕاست وەك گوڵاو بەسەر ڕەفتار و مامەڵەماندا دەپرژێنین؟

نازانم، تێناگەم بۆچی شمشێرمان لەکێلان دەرهێناوە بۆ هەنجن هەنجنکردنی ڕۆحی پەرییەکان؟ نازانم بۆچی لەکۆڕی جنۆکە و قالۆنچەدا سەرمەستێکی پڕ کەیف و حاڵین؟ نازانم بۆچی ماخۆلانمان گرتووە و دەمانەوێ فوو لەنووری مۆمی ژیریی و داگیرسانی پڕ تیشکی چرای پرشنگداری ڕۆحمان بکەین؟ نازانم بۆچی و وابەئاسانی دەمانەوێ ڕەوشتمان لەسەر مێزی قومار و لەکۆنکەنی ناموسپەرستیدا بدۆڕێنین؟. خودایە، نازانم بۆچی تۆش دەنگت نییە؟ ئەم دێڕانەمان بۆ حنجە بکەو پەرسڤێك بۆ ئەم پرسیارە ناکۆتایانەمان بدۆزەرەوە.

خودایە، تۆ وەڵام بدەرەوە، بۆچی ئەوەندە سەرچۆپی دەگرین لەپرسەو ماتەمدا؟ بۆچی ئێمە سەری ژیان و ژن پێکەوە پان دەکەینەوە؟ خودایە وەڵامم دەوێ، کاتێك دۆعایەك هانای هێنایە بەردەمت، تۆ لەکام ڕێستۆرانت سەرقاڵی نانخواردن بووی؟ بۆچی فریا نەکەوتیت تا دەستی خێڵی خوێن و هۆزی ژنکوژ و کولتوری سەخی لەبیێ بەهاکردنی مرۆڤدا بگریت؟

خودایە تۆ نەتدەزانی، ئێمە دەستە پیس و چەپەڵەکانین؟ حاشاماتی دێوەکانین، ویژدانمان سەدان ساڵە لەشیرینی خەودایەو بۆنی خوێن و جەراعەت لەهەناسەمان دێت.

ئەو پاڵەوان و سوارچاکە گلاوو فاشیلانەین، دێوی نوستووی غەزەبمان ڕۆژی هەزارجار بۆژن کوشتن لەخەودا ڕادەچەنێت، هەناوو زراومان لەدوژمنەکانمان چووە! ئێمە ئەو ترسنۆك و بۆدەڵانەین لەسێبەرەکانی خۆشمان دەترسین، تەنیا و تەنیا بۆ سەنگەسار ئازاو دلێرین.

ئاە خودایە نازانم بۆچی شەوی سەد جار خەون بەمارو دووپشکەوە دەبینین، نازانم بۆچی ڕقمان لەهەر خەونێکی جوانە ؟ نازانم چی وایکردووە ڕقمان لەحیلکە حیلك و بزەی سەرلێو بێت ؟ ڕقمان لەدەست لەملانی عاشقان بێت ؟. ئای میللەتێکی چەندە نەخۆش و بوغزاوین و چۆن دەستمان بەدامێنی عەقڵی بۆگەنیوی ناموسپەرستییەوە گرتووە و چۆن لە مەجلیسی پیاو ماقوڵیدا سۆراخی ئابڕوی خۆمان دەکەین و بەجەهەنم داخستن بۆ خوشك و هاوسەرەکانمان پەڵە ڕەشەکانی سەری دەشۆرینەوە ؟ ئای چەندە سەیرە، ئای چەندە ڕۆحمان نەخۆش و سیلاوییە. دۆعای فریشتە، تۆ پاکژترین و ڕۆح سوکترین ئەفرێندراوی خواوەند بوویت، ئێمە بووین دەجال و شەبەحە ترسناکەکانی تینوو بەخوێن خواردن و درۆ.

ئای کچکە کوردی خێر لەخۆ نەدیو، بەکوشتنی تۆ نەك هەر ئازایەتییەکمان تۆمار نەکرد، نا ڕێکوڕەوان ترسنۆکی و قرچۆکی خۆمان بۆ هەموو مرۆڤەکانی گێتی سەلماند. سەلماندمان بۆنی ئەشکەوت لەبیرکردنەوەمان دێت! سەلماندمان چەندە حەپۆل و گەلۆرو یەغنیشین، سەلماندمان هەگبەمان چەندە بەتاڵە لەمانا جوانەکانی ژیان و چەندیش پڕە لەڕەمەکی کوشتن و سڕینەوە و تاڵکردنی شیرینییەکان و زڕاندنی خەونی پاسارییەکان و هەڵفڕاندنی کۆترەکان و لەقەفەزنانی بولبولەکان.

ئێمە پاڵەوانێکین لەهەرچی زۆرانبازیی هەیە دۆڕاوین، تەنیا لەزۆرانبازیی ژن کوشتندا نەبێت، ئای میللەتێکی چەندە بەربەری و بێ ئەمەکین! چەندە گەمژەین و لەوەتی ژیان هەیە چیمان دانەهێناوە جگە لەتیرۆر و زەوتکردنی ژن و پانکردنەوەی سەری هەر خەون و خولیایەکی سەوز و تەڕوبڕو پاراو، ئای خودایە ئێمە لەجەنگەڵدا دەژین یان لەشارە ڕووناکەکاندا؟ ئای دۆعا هەرگیز نەمدەزانی ڕۆژێك دێت دەتناسم، بەڵام ئەفسوس چۆن ناسینێك؟ نا، تۆحەزت نەدەکرد ببیتە مانشێتی ڕۆژنامەکان، هیچ کات خەونت بەوەوە نەدەدیت ڕێپێوانت بۆ بکەن، دەزانم و بەخەندەی لێوی لەخوێن سووربووتدا دیارە، ئامێزی دڵدارو ژیانی نێو کوخە بچووکەکەی خۆت دەویست.

بەلاّم دۆعا، ئاخ دۆعا، نازانم تۆ چ تاوانێکت کردبوو؟ تۆ دڵی پەپولەیەکت ئازار نەدابوو، بەیانیان سلاّوت لەپەرییەکان دەکرد و لەگەڵ خەیاڵی ئەڤینداراندا قومێك لەشەرابی عەشقت دەخواردەوە! نازانم بۆچی بەمجۆرە بیٚ بەزەییانە رۆحیان بەئازارەوە هەڵکێشای؟ ناڵێم ئەوانەی تۆیان کردە تاکە شەهیدی راستەقینەی ولاّت دڵڕەقن، چون ئەوان نەك دڵیان نییە بەڵکو ویژدان و ڕەوشتیشیان باریکردووە.

بەکوشتنی تۆ ترسنۆکی خۆمان دووپاتکردووە، بیٚ ڕەوشتی خۆمان ئیسپات کردو شەرەفی دۆڕاوی خۆمان دەرخست.

خودایە، زمانم گۆناکات، نازانم چۆن خۆم لەم وڕێنانە رزگار بکەم؟ بەئاستەم ئەتوانم وشەیەك بێژم، بەلاّم دەمەوێت بە زمانێکی بیٚ لوغز و گریٚ و گۆڵ پاکانە بکەم، پاکانەیەك تەعمیدم بکات لەتاوانی کوشتنی دۆعای فریشتە. لێرەوە دەست بۆلای باوکی ئاسمانی و بۆ عەرشی پیرۆز بەرزدەکەمەوە و دەڵێم: خودایە من بیٚ بەریم لەناسنامەی ئەوانەی دۆعایان زیندەبەچاڵکرد.

پاکانەکەم لە ناسنامەکەم هەمان پاکانەیە هادی عەلەوی لەناسنامەی ئەو فڕۆکەوانەی کرد کە هەڵەبجەی بەگازی کیمیایی ژار بارانکرد.

Shamzini79@hotmil.com